ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی عەربەت بڵاوکردەوە

ئاسایشی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی گرژی و ئاڵۆزییەکانی عەربەت بڵاوکردەوە و ڕایگەیاند: "بەهۆکاری ڕێگریکردن لە تێپەڕبوونی ژمارەیەک بارهەڵگر گرژی لەنێوان مامۆستایان و هاوڵاتییان دروست بوو".

ئاسایشی هەرێم، ڕاگەیەندراوێکدا و دەڵێت: "لە گرژییەکانی شەوی ڕابردووی نزیک لە شارۆچکەی عەربەت چەند شەفەرێک و هاوڵاتییەک بریندار بوون".

ئاماژە بەوەش کراوە: "دەزگای ئاسایشی هەرێم وەک لایەنی جێبەجێکاری یاسا دەستبەجێ بەمەبەستی کۆنتڕۆڵکردنی ئەو بارودۆخە نەخوازراوە و ڕێگریکردن لە تەشەنەکردنی ئاڵۆزییەکان و سەلامەتی گیانی هەموو لایەک گەیشتنە شوێنی ڕووداوەکە و ڕێکاری یاسایی گرتەبەر بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە".

ئەوەشی ئاشکراکرد, "لە ئێستادا هیچ کەس دەستگیرنەکراوە و هاوڵاتییە بریندارەکانیش نەخۆشخانەیان جێهێشتووە".